

# ئەژدەر وەهبی:

# گۆرانی (لێم ببوورە) چیرۆکێکی خۆشەویستی لەپشتەوەیە

**سازدانی: پشتیوان جەمال**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەژدەر وەهبی ئاشکرای دەکات کە گۆرانی (لێم ببوورە) چیرۆکێکی راستەقینەی خۆشەویستی لەپشتەو زۆری کاری تێکردووە، بۆیە بڕیاریداوە بیکات بەگۆرانی، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە چەند گۆرانییەکی دیکەشی کلیپکردووە.

دوای ئەوەی لەمانگی رابردوداو پاش بێدەنگ بوونی بۆ ماوەی چەند ساڵێک، نوێترین بەرهەمی هونەرمەند ئەژدەر وەهبی بەناوی (لێم ببوورە) لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک میوزیکەوە بڵاوکرایەوەو بەوتەی رێکخەری گشتی کاروبارەکانی کۆڕەک، جارێکیتر بەرهەمەکە چاپکرایەوە، لەیەکەمین دیداری رۆژنامەوانیدا لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنەکان لەبارەی ئەلبومە نوێیەکەی، ئەژدەر وتی «ئەلبومەکەم نزیکەی نەوەد هەزار دۆلاری تێچووە».

* سەرەتا با بزانین ماوەی چەند ساڵە کار لەم ئەلبومەدا دەکەیت؟

– ماوەی چوار ساڵە کاری تێدا دەکەم، بێگومان خۆم حەزم نەکردووە کارەکانم بەزوویی بکەم، چونکە کاری خێرا هەمیشە کاڵو کرچی پێوە دیارە، بۆیە ئەم بەرهەمە لەهەموو روانگەیەکەوە کە دەیبینن کاری باشی تێدا کراوە.

* وەک دەزانین ئێستا زۆربەی هونەرمەندان ژمارەی گۆرانی ئەلبومەکانیان کەمن، بەڵام ئەلبومەکەی تۆ چواردە گۆرانی لەخۆگرتووە، بیرت لەوە نەکردبۆوە بیکەیت بەدوو ئەلبوم؟

– لەڕاستیدا دوای ئەوەی کارەکانی ئەم ئەلبومەم تەواوکرد، حەزم نەکرد بیکەمە دوو ئەلبوم، چونکە گۆرانییەکان زۆر خۆشەویست بوون لەلامو نەمدەتوانی هیچیان بخەمە سدییەکی دیکەوە، هەروەها گوێگرەکانیشم زۆر دەمێکەیە چاوەڕێی کاری نوێی منن، بۆیە حەزمکرد بەزۆرترین کارم، خزمەتیان بکەمو حەز دەکەم ئەوەش بڵێم رۆژ بەرۆژ ستایڵی گۆرانیو موزیک دەگۆڕێت، بۆیە حەزم کرد هەموو کارەکان لەیەک ئەلبومدا کۆبکەمەوە.

* ئەلبومەکەت ناوناوە (لێم ببوورە)، بەکێ دەڵێیت لێم ببوورە؟

– بەلای منەوە لێبووردن جوانی ئادەمیزاد دەردەخات، لەڕاستیدا گۆرانی (لێم ببوورە) چیرۆکێکی راستەقینەی گەنجێکی کوردستانە، دوای ئەوەی ئەو گەنجە پەیوەندی بەمنەوە کردو باسی بەسەرهاتی خۆی بۆ کردم، بەسەرهاتێکی زۆر ناخۆشبوو چاوەکانم پڕ بوون لەگریان، چیرۆکی گۆرانییەکە باسی دوو خۆشەویست دەکات، کە یەکتریان زۆر خۆشدەوێت، کاتێک دەچنە لای دکتۆر بۆ سەیرکردنی گونجاندنی خوێنەکانیان، بەداخەوە کاتێک سەیر دەکەن ئەو گەنجە نەخۆشییەکی کوشندەی هەیەو دکتۆرەکە بەخۆی دەڵێن، بێ ئەوەی کچەکەی خۆشەویستی بزانێت، دواتر گەنجەکە بەخۆشەویستەکەی دەڵێت «لێم ببورە بێوەفا نیم»، ئێستاش کلیپێکی فیلم کوالێتیم بۆ ئەم گۆرانییە کردووەو لەئایندەیەکی نزیکدا پەخش دەکرێت، بەو هیوایەی توانیبێتم کەمێک لەئازاری ئەو دوو خۆشەویستەو بنەماڵەکانیان کەم بکەمەوە. ئەوەبوو دوای نووسینی هۆنراوەکە لەلایەن شاعیری بەڕێز کاک هەردی نوری، ئاوازم بۆ داناو کارم تێدا کرد، تەنانەت کاتێک خۆم گوێ لەو گۆرانییە دەگرم دەڕۆمەوە دنیایەکی تر.

* باست لەشاعیر (هەردی نوری) کرد زۆربەی هۆنراوەکانی ئەلبومەکەت هەردی نووسیویەتی، بۆچی ئەمجارە تەنها پەنات بۆ ئەم شاعیرە برد؟

– لەڕاستیدا کاک هەردی نوری شاعیرێکی زۆر بەتواناو سەرکەوتووە، لەم کارەمدا لەگەڵ کاک هەردی زۆر ماندوو بووین بەهۆنراوەکانەوەو زۆر سوپاسی دەکەم.





* هۆنراوەی گۆرانییەکان، دەربڕی ناخی شاعیرە، یان خۆت داوات لێکردووە هۆنراوەت بۆ بنووسێت؟

- بێگومان زۆربەی هۆنراوەی گۆرانییەکان خۆم داوام کردووە، بەڵام کاکە هەردی توانایەکی زۆر باشی هەیەو توانیمان بەیەکەوە کارێکی زۆر باش بکەین.

* بەڕای موزیسیانەکان، لەم ئەلبومەدا کۆمەڵێک ستایڵی جیاوازت بەکارهێناوە، دەکرێت ئەوەمان زیاتر بۆ روون بکەیتەوە؟

- بەبۆچوونی من ستایڵەکان زۆر جیاواز نین، بەنیسبەت گۆرانی هەورامی، من زۆر حەز دەکەم گۆرانییە هەورامییە فۆرلکلۆرەکان تازە بکەمەوە بەشێوازێکی مۆدێرن، هەروەها گۆرانی (بڕۆ بڕۆ) ئەم گۆرانییە لەسەر مەقامی ئەفشاری دروستکراوە، ئەمجۆرە مەقامە لای ئێمە زۆر کەم ئاوازی لەسەر دادەنرێت، وا بزانم تائێستا بەگۆرانییەکی منەوە چەند گۆرانییەکی کەمی کوردی هەیە لەسەر ئەم مەقامە، هیوادارم بەپێی بۆچوونی ئێوەش کارێکی تازەم تیا کردبێت.

* خۆت چ گۆرانییەکی ئەلبومەکەت بەلاوە سەرکەوتووترە؟

- هەموو گۆرانییەکانم لا سەرکەوتووە، چونکە ئەگەر بەوردی گوێ لەهەر گۆرانییەکیان بگیرێت، هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی تێدایە، وەکو موزیکیش باشترین موزیکم بۆ هەر یەکێکیان ئامادەکراوەو لەهەموویان رازیم، بەڕاستی بەلامەوە سەختە کە بڵێم گۆرانییەکیان لەوەی تر جوانترە.

* گۆرانی (دڵی من) بەبۆچوونی گوێگران یەکێک لەگۆرانییە سەرنجڕاکێشەکان کە کلیپت بۆ کردووە، لە چ وڵاتێک کلیپت کردووەو ئەو کچەی رۆڵی تیا دەبینێت خەڵکی کوێیە؟

- ئەو کلیپە لەوڵاتی تورکیا کراوە لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی تورکیدا کە کلیپ بۆ هەموو هونەرمەندەکانی تورکیا دەکات کارمان کردووە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە کلیپ بۆ گۆرانی کوردی بکەن.

بەنیسبەت کچەکەش یەکێکە لەکچە فۆتۆ مۆدێلەکانی تورکیا، لەڕاستیدا ئێمە هەموو گۆرانییەکەمان تێگەیاندو دەیزانی باس لەچی دەکاتو زۆر سەرسام بوو بەو گۆرانییە، من زۆر حەزم دەکرد کچە کوردێک بوایە، بەڵام بەداخەوە بیری تەسک کاریکردۆتە سەر هەموو لایەنو شتێک لەکوردستاندا، دەمەوێ ئەوەش بەگوێگرانم بڵێم دوو کلیپی تریشم کردووە بەشێوازی فیلم کوالێتی، کە تائێستا زۆر بەکەمی لەکوردستان کار بەم شێوازە دەکەن.

* لەوێنەی پۆستەرەکاندا وا دەردەکەوێت شێوازی قژو رووخسارت گۆڕی بێت، خۆت پێت باشبوو ئەو گۆڕانکارییە بکەیت، یان داوات لێکرا گۆڕانکاریی بکەیت؟

- لەڕاستیدا ئەو وێنانەم ساڵێک لەمەوبەر گرتووە، ئەو کاتە قژم درێژ بوو، بەڵام رووخسارم هەروەکو خۆمەو هەموو کارەکانیشم بەشێوازی خۆمە، بەڵام ئەگەر سەیری دیزاینی بەرگی سیدییەکە بکەن ستایڵی وێنەکان بەپێی گۆرانییەکان دەگۆڕێتو هیوادارم وێنەکانیشتان بەدڵ بێت.

* بەپێی زانیارییەکانی ئێمە، چاپی دووەم بۆ سیدییەکەت کرا، چاوەڕێی ئەوەت دەکرد؟

- لەراستیدا خۆم دەمزانی بەم شێوەیە دەبێت، چونکە کەسانێکی زۆر هەردەم لەپرسیاری کاری تازەی مندا بوون، بەراستی کارەکانیش بەپرۆفیشناڵانە کراوە، لەڕێگای گۆڤاری ئاوێنەکانەوە بەڵێن دەدەمەوە بەگوێگران، هەمیشە بەکاری جوان ببمەوە میوانیان.

* ئەلبومەکەی ئەمجارە کۆمپانیای کۆڕەک میوزیک چاپو بڵاویکردەوە، ئەگەر کۆمپانیایەکی تر داوات لێبکەن ئامادەیت کاریان لەگەڵدا بکەیت؟

- پێش هەموو شتێک دەمەوێ سوپاسی کۆمپانیای کۆرەک بکەم کە هەستان بەسپۆنسەری ئەم کارەی منو بڵاوکردنەوەی لەسەرتاسەری کوردستاندا، هەروەها زۆر سوپاسی بێپایانم بۆ سەنتەرەکانی کوردستان. بەنیسبەت کۆمپانیایەکی دیکە، هیواداریشم کۆمپانیاکانی کوردستان رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندا بن، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین کاری تازە پێشکەش بەگوێگرانی خۆمان بکەین، ئێستا کۆمپانیایەکی دیکە پەیوەندییان پێوە کردووم بۆ کاری سیدییەکی تر، بەڵام تائێستا نەگەیشتوینەتە ئەنجام.

* لەڕووی ماددییەوە کێ هاوکاری کردیت لەم ئەلبومەدا، دەکرێ بزانین چەندیشی تێچوو؟

- ئەلبومەکە هەمووی لەسەر ئەرکی خۆم بووەو نزیکەی نەوەد هەزار دۆلاری تێچووە، چونکە ئەم ئەلبومەم لەوڵاتانی (سویدو ئەڵمانیاو تورکیاو ئێرانو دانیمارک) بەئەنجام گەیاندووە کە ئەمانەش دەبنە هۆی تێچوونێکی زیاتر.

* هۆکاری چیبوو گۆرانی (ئەمشەو دڵم بۆ غەریبان)ت تازە کردەوە؟

- ئەو گۆرانییە لای هەموو کەس خۆشەویستەو لەسەر داواکاری خەڵکێکی زۆر تازەم کردۆتەوە، حەز دەکەم ئەگەر بتوانم لەهەر سیدییەکدا گۆرانییەکی کۆنم تازە بکەمەوە، چونکە گۆرانییە کۆنەکان کوالێتییەکی باشیان نییە.

* بەنیاز نیت سەردانی کوردستان بکەیتەوە، یان بۆ سازکردنی کۆنسێرت؟

- نەخێر تائێستا هیچ پرۆگرامێکی تایبەتم نییە بۆ سەردانی کوردستان بۆ سازکردنی کۆنسێرت.